

پەشیمانم ... پەشیمانم ... هۆنراوەی شاڵاو علي

پەشیمانم ... پەشیمانم
چی نهێنی دڵم هەیە
ئێستا دەیکەم بە گۆرانی و
دینووسم تیا ناونیشانم
یان دەیکەم بە هەواڵێک و
بۆ رۆژنامەی ئەمڕۆو سبەو رۆژانی تر ..
ئەگەر چی خۆم چاک دەزانم
هەرچی بڵێم ..!
لەبەرامبەر گیانی پاکی پڕ عەشقی تۆ
چاوی من و فرمێسکی وەکو بارانم
هاتووم بۆ لات تا پێت بڵێم
من لەوەی زیاتر ناتوانم
لە دووری تۆ ئارام بگرم
لەرۆژێکی تورەییمدا
هەرچیم ووتووە پەشیمانم ،

چۆن پێت بڵێم ... تا مبمبووری
دەبمبەخشە ... ئەوە چەندەمین جارمە
من دێم بۆ لات .. داوا دەکەم
پەشیمانم پەشیمانم ..!

دە بمبەخشە
من ئەو کەسەم
بە چاوانی پڕ ئەفسونی تۆ دلگیر بووم ،
من ئەوعەشقە بێ وەفایەم
لە بەرامبەر چاوەکانت ..
هێندە شەرمەندەو بێ ووشەم
قەت بۆم ناکرێ هەڵبێنم رووم ..!

دەبمبەخشە ..!
من ئەو ئاشقە بێ پەیمانەم
گشت ئۆباڵی خۆم لە گیانم
من ئەو کەسەم
وەکو شووشە
لە نێوانی خۆم و خۆتدا
شکاندم گفت و پەیمانم ...،
هێندە شەیدام
هێندە بۆ تۆ

بە کوڵ دەگریم ... زۆر بە تاوم ،
هەرچەندە کە تۆ دەبینم
قەت بۆی ناکرێ
لە بەرامبەر چاوەکانت
هەڵبێ چاوم ..!

پێم دەگوتی
تۆم خۆش دەوێ ..
هەرچی خەم و پەژارە بوو
لە منت چێشت ...!
من لێت ناگرم
بۆچی هاتی و لەناکاودا منت جێ هێشت ،
زۆر دڵنیام ..
هیچ بیانوو بەڵگەی ناوێ
جارێکی تر لە ناو دڵی پڕ خەمتدا
بەبێ ئەوەی بە من بڵێی
هەرگیز منیشت خۆش ناوێ
تەنها یە کجار
دڵت بێنە بیکە بە پەلکە زێڕینە
بیدە لەبالآی ڕابردووم
بۆت بڕێژم ئەشکی سوورو سوێراوم
بۆ شەوان و ڕۆژانی شووم ...

دە بمبوورە ..!
زۆر جاری تر
منت بە دڵی خۆت بەخشیوە
لەوساتەوەی لە من دووری
نامەکانم ناخوێنیەوە و
منت هەرگیز نەبینیوە !

چاک دەزانم
هەرگیز ناگەم بە بەزەیی دڵی پاکت
من دەزانم رۆژێ دادێ
لەتاو گڕو خۆشەویستیت
بەبێ گلکۆو بێ مەزارم
خۆشەویستم تا ئەو ڕۆژەی
چاو لێک دەنێم
لە بەرامبەر چاوی جوانت شەرمەزارم ..!

دیسان وەرە
بە دڵی پڕ ئاشقانەت
من ببورە و هەموو شتێکم لە بیر کە ..!
وەک منالێکی بێ دایک
فرمێسکی چاوم بسڕەو
گریەم ژیرکە ...،
زۆر لێم ڕوونە

هەرچی دەڵێم چی دەنووسم
بۆ ئارامی دڵی شەیدات
بێ ئاکامە
ئێستا وەکو
جاری جاران
گوێ ناگری لە ترپەی پێم و
داناهێنی
سەروپرچی ووشەکانم
لەناو دوتوێ
پەڕی نامە ...

بێ گومانم
پێکەنینت بە گریەم دێ
لە بەرامبەر
دەردی دڵ و ژانەکانی
هەرگیز
بایەک ناتهەژێنێ و هەرگیز ڕۆژێ
دادم نادا
سەدان ووشەی پەشیمانی ...!

لێم ببورە ...!
لەڕۆژانی سەرهەڵگرتووم
لەڕۆژانی
پڕ لە هەڵەو
ساتەکانی لە خۆم وون بووم
لێم ببورە
ئەوڕۆژانەی وەک سەرخۆشێ
ئەگەڕام من شەقام شەقام
نەمدەزانی
ئەوڕۆژەدێ .. هاوار دەکەم
هانا دێنم ... هەربۆ ئەوەی
تۆ گوێ بگری
تەنها جارێ کە پێت بڵێم
پەشیمانم ...

شەرمەزارم ..
هاوار دەکەم پڕ بەزارم
بەس ئە مجارە
دڵی شکاوی خۆت بێنە
منی تێدا بڕوێنە
بەلکەم خوایە
جارێکی تر
دڵت ببێ بە گوڵدانی خەمەکانم
پێم باوەڕ کە پەشیمانم
پێ لێ دەنێم
وەک چۆن گوناهبارێک بێنی و
پێ لە گوناهی خۆی بنێ

منیش وەها پێی لێ دەنێم
بە سەدان جار
پەشیمانم ...!

گوڵم وەرە
لەبیرکە ڕۆژانی تاڵت
ئەوڕۆژانەی
نەمدەزانێ
بیپەرستم
کەزی درێژی عەشقی تۆ
نەمدەتوانی سوجدە ببەم
لە بەرامبەر چاوی کاڵت ..،

وەک چۆن
ناوی خۆم دەزانم
واش دەزانم
دڵت کانی نیشتیمانە و
پاک وشیرین و یەک ڕەنگە ..!
وەک چۆن ترپەی دڵ دەبیستم
من دەزانم
دڵت هەر یەک ترپەی هەیەو
هەر یەک دەنگە ...!

سوێند بە دڵی پاکت دەخۆم
سوێند بە گڕی تورەی ئەشقت
بەس ئەمجارە لێم ببورە
لە دڵ دەرکە رق و کینە
ئەودڵەی خۆم وا فێر دەکە م
تاکو مابێ بتپەرستی
نوێژ بکا بۆ سورمەی چاوت
ببتە هێمای خۆشەویستی
بەس ئەمجارە لێم ببورە
دڵم دەکەم بەساباتێ
سێبەری بۆ باڵای تۆ بێ
نەوەک خۆرت بەر بکەوێ
لە ڕۆژانی گەرمی هاوین
دڵم دەکەم بە چەترێکی
یەکجار گەوەرە
بۆ ڕۆژانی باران بارین
سوێندیش دەخۆم کە پایز بێ
نەهێڵم هەرچی درەختە
گەڵایەکی هەڵبوەرێ
نەوەک ئەتۆ دڵت زیز بێ
بەس ئەمجارە لێم ببورە
تۆ نازانی
چۆن دەسوتێ دڵی تەنگم
من شەوو ڕۆژ لە نێو گڕم

پەیمان دەدەم
بەس ئەمجارە
لێم ببورە
یان دڵم دەکەم بە مۆم و
لە دەوری تۆدا بسووتێ
یان دڵی خۆم وەکو یوسف
سەردەبڕم ..

shallaw1@hotmail.com